

پوره سەعدیم لە دەست دا*

پوره سەعدی ((دایکم)) زەحمەت کێس، دلفراوان وماندونەناس کە دایکی دوو کوڕی ئەنفال بوو، سەرکەوت ئەمین و گۆران ئەمینە لە 19 ئەم مانگە کات ژمێر 2ی بەیانیماڵئاوای لێ کردین .

من شەش ساڵ بوو نەمبینی بوو ،خۆشم ئامادە کردبوو کە 6.1 بچمە دیدەنی بەڵام مەخابن کات تەنها 11 ڕۆژ بواری نەدا بۆ یە ئیتر هەتاتایە من پورە سەعدی دایکم نابینیمەوە ، پورە سەعدی تەنها لە بەر کەمی دەرمان و بێ نەخۆشخانەیەکی باش گیانی لە دەستدا وەک هەزان لە خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان و عێراق ،دڵنیام ئەگەر ئەو دایکی وەزیرێک بوایە یان دایک مەسولێکی ئەو کۆمەڵە تاجرە سیاسیە بوایە کە سامان و سەروەتتی کوردستانیان قورخ کردوە نەدەمرد .
من کە پورە سەعدیم بە جێ هێشت لە سەر داوای خۆی وەک ئێستا نە بووم ، غوربەت زۆر شتی تری فێرکردم کە دەمویست لەم سەفەرەمدا بۆ لای ئەو بۆی باس بکەم بەڵام نەمتوانی بۆیە یەک ڕستەی بۆ ئێوە باس دەکەم کە
(( دایک گەورەترین بەخشندەیە و میهرەبانترین بونەوەرە))
سیروان ئەمین
فینلەندا

2005.6.22

***لای چەپ پورە سەعدیە**